# بوێریی هەڵبژاردووە

نووسینی: کاتارینا لیندێ
تەلەفۆن 43 728 150(0) 0046
katarina.linde@kkuriren.se

لە شەقامی (ڤاسا)ی کاترینەهۆڵم، لە پانسیۆنێکدا کە وەک هەرماڵێکی ئاسایی، قەنەفەی چەرم، تەخت، تەلەڤیزیۆن، ڤیدیۆ، مێزی نانخواردن و کورسیی تێدایە، نووسەرێک دەژی، کە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ساتیرەچیرۆک و شیعر دەنووسێت، ڕەخنە لە ڕژێم دەگرێت و لە کوردستان بە یەکێک لە نووسەرە هەرە گەورەکان لە قەڵەم دەدرێت.

لەسەر تەنەفەیەک دانیشتووە، بە چاوەکانیدا دیارە، کەسێکە شتەکان بە گرنگ وەردەگرێت و درای بیرکردنەوە دەپەیڤێت، بۆ نموونە سەبارەت بەو خەڵاتەی وەری گرتووە. ئەو خەڵاتەی کە لە ٢٠٠٤/١٢/٢٦ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، وەک نیشانەیەک بۆ بەرزنرخاندنی بەرهەمەکانی، پێی بەخشی. خەڵاتەکە بریتیبوو لە مەدالیایەکی جوان و چواردە هەزار دۆلار.

حەمەسەعید حەسەن دەڵێت:

ـ سەردانی هەولێری پێتەختی کوردستانم کرد و لەوێ خەڵاتەکەم وەرگرت. ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکە ڕاستەخۆ لە کەناڵی سەتەلایتی کوردستانەوە پەخش دەکرا و جێگەی بایەخی گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤار بوو.

ئەو بە هۆشیارییەوە دەڵێت: کوردستان، نەک باکووری عێراق. باکووری عێراق، نیشتمانی ئەو نییە، ئاخر پێی وایە کورد بێجگە لە چەوساندنەوە، هیچی دیکەی لە عێراق نەدیوە. لە سیاسەتەوە، دێتە سەر ئەدەب و دەڵێت: (من وشە دەپەرستم، ڕێزی لێ دەگرم و خۆشم دەوێت. ئەگەر وشە نەبووایە، نەمدەتوانی هەناسە بدەم.) کە دەخوازێت قووڵتر باسی ئەوینی نێوان خۆی و وشە بکات، وشەکان بە هانایەوە نایەن.

**بۆنەیەکی شکۆدار**

باش بوو (سرعاد ساڵح)ی هاوسەری، هەموو ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکەی بە ڤیدیۆ تۆمار کردبوو. زمانێکی بێگانە، بەڵام تێگەیشتن لە نیگا و جووڵەی لەشی ئینسان کارێکی دژوار نییە. دیار بوو ڕێوڕەسمێکی شکۆدارە. پیاوێک ڕوومەتی حەمەسەعید حەسەن ماچ دەکات، ماچێک، دروان و سیان. یەکێک لە ئامادەبووان، سەرەکوەزیرانی کوردستان، نێچیرڤان بارزانییە کە دواتر دەست دەخاتە نێو دەستی

## کوردێکی ناسراو لە کاترینەهۆڵم دەژی

یەکێک لە نووسەرە هەرە ناسراوەکانی کوردستان لە کاترینەهۆڵم دەژی. کاترینەهۆڵم ئەو جیهانە هێمن و لەبارەیە کە تێیدا بەوپەڕی ئارامییەوە کار دەکات، بەڵام ئەو هەمیشە چاوی بڕیوەتە کوردستان. ئەو ناوی حەمەسەعید حەسەنە کە ٢٠٠٤/١٢/٢٦ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، خەڵاتێکی گەورەی پێ بەخشی. چونکە بەردەوام بوێرانە ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت، بۆیە ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی کاترینەهۆڵم کووریرن
٢٠٠٥/٢/٢

من خودی خۆم حەزم بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەیە کە سەرنجڕاکێش، چێژبەخش، قووڵ و هێژان، کە ئاسۆی نوێت بە ڕوودا دەکەنەوە و تووشی سەرسوڕمانت دەکەن، وەک ئەو بابەتەی لە لاپەڕەی کولتووری ئەمڕۆدایە و خوێنەر بە دنیای حەمەسەعید حەسەن دەناسێنێت کە دەشێت باشترین نووسەری کوردی تاراوگە بێت کە لە کاترینەهۆڵم دەژی و (کاتارینا لیندێ) پێزرتێیمان نیشان دەدات.

کاتارینا نیتز
بەرپرسی بەشی کولتووری ڕۆژنامەی
کاترینەهۆڵم کووریرن

حەمەسەعید حەسەنەوە، پیرۆزبایی لێ دەکات و هاوزەمان سەرنجی چاوی دەدات.
ژنێک دەپەیڤێت، بە سەرپۆشێکی جوان، قژی داپۆشیوە، سەرپۆشێکی شینی کاڵی بە زەنگیانەی سپی ڕازاوە. بە دەنگێکی قووڵ و بە زمانێکی دراماتیک باس لەو هۆکارانە دەکات کە دەزگای (ئاراس)یان هان داوە، حەمەسەعید حەسەن خەڵات بکات. سوعاد سالح قسەکانی ژنەکە ڕوون دەکاتەوە: ئەوە دەڵێت، حەمەسەعید حەسەن نووسەرێکی بوێرە، قەت لە ڕەخنەگرتن لەو ناهەقییانەی بەرانبەر کورد کراون، نەترساوە. هەمیشە بێ ترس قسەی دڵی خۆی کردووە.
کە نیگاکانی حەمەسەعید حەسەن لەسەر فیلمی خەڵات وەرگرتنەکەی پشوو دەدەن، گەرمتر دەنوڕێن، وەلێ هەموو شتێک بە بایەخەوە وەرگرتن تێیاندا، هەر گەش دەنوێنێت، ئەمەش دەشێت زادەی ئەوە بێت کە دەزانێت بوێریش باجی خۆی هەیە. ئەوی ڕەخنەی لە سەددام حسێن گرتبێت، باجەکەشی داوە، ئەو باجە بۆ ئەو کۆچ بوو، کۆچ بە ژن و سێ منداڵی بچووکەوە، بەرەو چیاکانی کوردستان و دوای چەندانساڵیش کۆچ بەرەو سوێد.
یەکێکی دیکە لە باجەکانی بوێریی ئەوەیە، ئینسان دەزانێت دوژمن بۆ خۆی پەیدا دەکات، ئەوی خاوەنی دوژمنیش بێت، دەبێت هەمیشە وریا بێت، دەبێت هەمیشە چاو بگێڕێت. باجی بوێریی وای کردبوو، ئەوە زۆر دژوار بوو وەک کەسێکی ئازاد سەردانی نیشتمان و زێدی خۆی بکات، بۆیە حەمەسەعید حەسەن، کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، بۆ نیشتمانەکەی گەڕابەوە، ئەو ڕۆژانەی لەوێ بوو، زۆربەی وەخت، بۆ ئەوەی ژیانی پارێزراو بێت، پاسەوانی لەتەکدا بوو.
دەشێت ژیانی زۆر ئاسانتر بەڕێوە چووبا، ئەگەر توانیبای قەڵەمەکەی لەولاوە دابنێت و بیر و بۆچوونەکانی لە مێشکی خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەگەر توانیبای ڕێ لە هەڵڕشتنی ڕازی دڵی خۆی بگرێت و گوێ بە کێشەکان نەدات.
ـ نا، نا قەت ئەوەم نەدەکرد. جا ئەوەش ناوی لێ دەنرێت، ژیان؟ هەر دەبوو وام کردبا، هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەم شک نەدەبرد. حەمەسەعید حەسەن وا دەڵێت.

## وێنەکانی ئەودیو پێڵووی

ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی نەبوو، چونکە بە بەر چاوییەوە بە شێوەیەکی سیستەماتیک سووکایەتیی بە میللەتەکەی دەکرا، وڵاتەکەی داگیر کرابوو، گەلەکەی قوربانی بوو، لە هیچ و خۆڕایی سزا دەدرا. ئەو ئەگەو

**لە بارەی حەمەسەعید حەسەنەوە دەڵێن:**

لە کوردستان هیچ نووسەرێک نییە، هێندەی ئەوی لەسەر بگوترێت. من وەک موسیقکارێک زێتر شەیدای شیعرەکانی ئەوم، زۆر جوان و لەبارن بۆ ئەوەی ئاوازیان بۆ دابنرێت. شیعرەکانی پڕن لە هەست و خۆشەویستی.

خالید ڕەشید
موسیقکار و گۆرانیبێژ

زۆر بەهرەمەندە. ڕاستەخۆ ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت، قەت سڵی لە گوتنی ڕاستی نەکردووەتەوە. وشەکانی جێی متمانەن. ئینسان دەزانێت، قەت لە پێناوی قازانجی خۆیدا، هانای بۆ درۆ نەبردووە.

حەمید تەیموری
خوێندکاری بواری ئێتنۆلۆگی

من هەموو نووسینەکانی دەخوێنمەوە، ئیدی ڕەخنە بن، شیعر بن یان ساتیر، ئەو زۆر لەمێژە دەنووسێت، کەسێکی بوێرە و دەوێرێت ڕەخنە لە هەموو شتێک بگرێت.

ئاسۆ بیارەیی
نووسەر

چاویشی بنووقێنێت، هەر دەبینێت و وێنەکان بەردەوام دڕکناسا بە پێڵووەکانیدا دەچن و ئارامیان لەبەر بڕیوە. تاقە ڕێگە بۆ ئەوەی لە دەست بێئارامی قوتاری بێت، هەر ئەوە بوو کە بنووسێت و بنووسێت و بنووسێت. ئەو هێزەی هانی دەدا بۆ نووسین، زۆر لە ترس بەتواناتر بوو. ئیدی وێڕای کارکردنی ڕۆژانە وەک مامۆستای زمانی دایک، لە خوێندنگەی (نیهێم)ی کاترینەهۆڵم. نووسەرێکی تا بڵێیت ئەکتیڤ و بەبەرهەمیشی لێ دەرچوو.

حەمەسەعید حەسەن دەڵێت:

(وشە شتێکە لە باوەشی پڕ لە سۆزیدا دالدەت دەدات، شتێکە کاتێک سەری دنیات لێ دێتەوە یەک، ئەو دڵنیایی و ئۆخژنت پێ دەبەخشێت. ئینسان پێویستە بە ڕێزەوە مامەڵە لەتەک وشەدا بکات، نووسەر پێویستە هاوئاهەنگی لە نێوان وشەکاندا بهێنێتە ئاراوە و وا بکات پێکەوە جوان بنوێنن، ئینسان هەرگیز نابێت وشە بە خەسار بدات و یەک لە دوای یەک لە خۆڕا هەڵیانبڕێژێت، بەڵکوو پێویستە بەوپەڕی وریاییەوە هەڵیانبژێرێت، ئاخر وشە تەنیا بەو شێوەیە پڕمانا و کاریگەر دەبێت.)

**دڵی خۆش دەبێت و دەهەژێت**

لەناکاو بە گەرموگوڕییەوە دەڵێت:

ـ شتێکی گرنگ هەیە پێم خۆشە بینووسیت، لە شوێنی نیشەکەم، لە خوێندنگەی نیهێم، بەو بۆنەیەوە کە خەڵات کراوم، ئاهەنگێکی جوانیان بۆ ساز کردم، ئەو هەنگاوەی هاوپیشەکانم خۆشییەکی بێوێنەی پێ بەخشیم، دەتوانم بڵێم هەژاندمی.

سەبارەت بە زمانی سویدی دەڵێت:

ـ سویدی زمانێکی جوانە، لەگەڵ زمانی کوردیدا سەر بە هەمان گرووپن و هەندێک وشەی هاوبەش لە نێوان سویدی و کوردیدا هەیە، لەوانە: کورت، هەنگوین و ژن. ژن وشەیەکی جوانە و من زۆر بڕوام بە ژن هەیە. دەسەڵات بە دەست ژنەوە بووایە، هەنووکە ئاشتی باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو.

من پێی دەڵێم: بۆچی؟ خۆ ژنیش ڕقی لەم و لەو دەبێت! خۆ ژنیش بەشەڕ دێت! ئەو دەڵێت:

ـ شەڕ دەکات، وەلێ بەو ئاسانییەی پیاو، هانا بۆ کاولکاری و خوێنرشتن نابات. نزیکەی هەمیشە ئەوە پیاوانن شەڕ هەڵدەگیرسێنن.

2005. 02. 02

ڕۆژنامەی کاترینەهۆڵم کوریرن

**لە بارەی حەمەسەعید حەسەنەوە دەنووسن:**

د. خالید سالح سەبارەت بە کتێبی (ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا)ی حەمەسەعید حەسەن دەنووسێت:

(ئەو لە ڕوانگەیەکی مەتریالیستانەوە، بە زمانێکی باڵای شاعیرانە، بێ ئەوەی لە بابەتی باسەکەی دوور بکەوێتەوە، ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان ناوەڕۆکی بەرهەمی چیرۆکنووسان و باری کۆمەڵایەتی.)

د. فازیل جاف دەربارەی کۆمەڵە ساتیرە چیرۆکی (هونەری ڕاوەژن)ی حەمەسەعید حەسەن، دەنووسێت:

(کتێبکە، خۆش و تژی لە فانتاسی، لە کاتی خوێندنەوەیدا، خوێنەر گەلێک جار لە ناخەوە پێدەکەنێت.)